# یاسا

ئەم یاسایانەداندراون‌بۆ پاراستن و دروستکردنی شوێنێکی خۆش و ئارام بۆ هەموو دانیشتووان. جگەلەم یاسایانە، هەموو بینا و شوێنەکانی سەر به م سامان ودارایانەش یاسا و ڕێسای ئیداری خۆیان هەیە

چاوەڕێ دەکرێت لەدانیشتووان ئاشنا بین لەگەڵ ئەم یاسایانەدا و گوێڕایەڵی ئەم یاسایانەبن. هەروەها دانیشتووان دەبێ دڵنیا ببنەوەکەئەندامانی خێزان و میوانەکانیشیان گوێڕایەڵی یاساکان دەبن.

دانیشتووان دەبێ بەئاکاریان بارودۆخی کەسانی تر لەبەرچاو بگرن و نەبنەهۆی ئازاردان و بێزراکردنی دراوسێیەکانیان. ئاکاری ئاسایی پێویست بۆ ژیان لەشوێنێکی ئاسوودەو هێمنیشدا دەبێ لەبەرچاو بگیرترێت.

---

بەکارهێنانی خەڵووز، گاز بۆ کەباب یان هەر چەشنەئامێرێکی تری برژاندنی گۆشتی تایبەت بە شوێنی سەرکراوەلەباڵکۆن یان حەوشەیان بلۆکی لکاو بەباڵکۆندا قەدەغەیە گۆشت برژاندن نابێ بێتەهۆی بێزراکردنی دراوسێیەکان.

شۆردنەوەی باڵکۆن بەئاوی ڕەوان (بۆنموونەسۆندەی ئاو) قەدەغەیە

نابێ بەبێ ئیزنی خاوەن موڵک/ خاوەن ماڵ، لەباڵکۆن یان بەشەکانی تری بینادا ئارێل یان سەتەلایت دابنێیت.

نابێ گوڵدان و گوڵ و گیاکان ڕەخنەبکەنەدەرەوەی باڵکۆنەکان؛

پێدانی خواردن بەباڵندەیان ئاژەڵی تری دەستەمۆ لەباڵکۆن یان حەوشه ی شوققەدا قەدەغەیە

### دانانی دۆشەک و ڕایەخ و جلی شۆردراو لەکەشی ئازاددا و وشکبوونەوەی جلوبەرگ

دانانی دۆشەک و ڕایەخ و کەلوپەلی نووستن لەکەشی ئازاددا تەنیا لە شوێنی تایبەتدا ڕێگەپێدراوە

تەکاندن و هەواڵیدانی چەرچەف و وشککردنەوەی جلوبەرگ لە باڵکۆندا، تەنیا لەباڵکۆندا ڕێگەپێدراوەو نابێ لەباڵکۆن بڕواتەدەرەوەیان لەوێ هەڵواسرێت.

### بەڕێوەبەرایەتی زبڵ (پاشماوە)

زبڵی ناوماڵ یان زبڵی تر پێویستە بە دروستی بپێچرێتەوە و لە شوێن و دەفری تایبەتدا دابندرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، یاسای کارگێڕی و ڕێنماییەکانی جیاکردنەوەی زبڵیش پێویستە ڕەچاو بکرێن.

جگە لە زبڵی ناوماڵ، فڕێدانی بابەتەکانی تری فڕێدان (وەک مۆبیلیات) یش لە ئەستۆی دانیشتوانە.

هەرجۆرە زبڵێکی ماڵی کە بۆ ژینگە مەترسیدارە (وەک بۆیاخەکان، پاترییەکان، دەرمانەکان و هتد) پێویستە لە شوێن و دەفری تایبەت بەخۆیاندا کەلەلایەن بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی زبڵ لەبەرچاو گیراوە فڕی بدرێن.

ئەو دانیشتوانەی کە یاسای فڕێدانی دروستی زبڵ ڕەچاو نەکەن پێویستە تێچووی زیان پێگەیشتووەکان بە تەواوی بدەن.

### پارکینگ (گەراج)

پارککردنی ئۆتۆمبیل تەنیا بە مۆڵەتی کرێدەر/خاوەن مولک و تەنیا لە شوێنە دیاریکراوەکانی مۆڵەتدار، ڕێگەپیدراوە.

پارککردن لە شوێنە تایبەتەکانی هەڵمەتی ڕزگارکردندا قەدەغەیە.

بەکارهێنانی گەراجەکان یا شوێنەکانی تریی بینا بۆ دانان یان کۆکردنەوەی ئۆتۆمبیلە بێکەڵکەکان، یان بەشێک لەوان قەدەغەیە. ئەگەر ئەم یاسایە پەیڕەو نەکرێت، کەسی پێشێلکار ناچارە بە پێدانی هەموو تێچوونەکانی جێگۆڕکێی کەلوپەلی پەیوەندیدار.

گەراجی میوانەکان تەنیا بۆ بەکارهێنانی کاتی و کورت ماوەی میوانەکانی نیشتەجێیە.

### ناوچەی هاوبەش و حەوشە

درگای دەرەوەی قادرمەکان لەکاتژمێر 20.00 تاکوو 07.00 داده خرێت. کاتی بەکارهێنانی شوێنەهاوبەشەکان، تکایەدرگای پشتەوەی سەرت داخە

لەشوێنەهاوبەشەکانی ژوورەوەو دەرەوەی بینادا، دەبێ پاکوخاوێنی گشتی ڕەچاو بکرێت. خواردنەوەی کهوول ئەوەندەکەببێتەهۆی ئازاری دراوسێیەکان لەشوێنەگشتییەکانی ژوورەوەو دەرەوەی بینا قەدەغەیە بە کارهێنانی مادەهۆشبەرەکان لەهەر شوێنێکدا قەدەغەیە

شوێنەهاوبەشەکانی نێوان دانیشتووان (وەک یانە، جلشۆرگەو کۆگای هاوبەش) تەنیا بۆبەکارهێنانی دانیشتووانەو دەبێ یاسا و ڕێساکان بە دروستی جێبەجێ بکرێن.

بەقادارمەکاندا ڕۆیشتن نابێ ببێتەهۆی دەنگەدەنگی نابەجێ و بەرگری بکرێت لەوەستانی نابەجێ لەقادرمەکاندا. لەبەر هۆی سەلامەتی و ئاسایشی لەهەمبەر ئاگردا، دانانی هەر شتێک (وەک ڕایەخ، عارەبانە ی منداڵ، پاسکیل و هتد) لەقادرمەکاندا قەدەغەیە

دانیشتووان دەتوانن دارایییەکانیان لەشوێنی تایبەتی خۆیاندا بپارێزن. کۆگای کەرەستەی وەرزشی تەنیا بۆ پاراستنی کەرەستەی پەیوەست بە هەمان وەرزە

کاتی بەکارهێنانی شوێنی دەرەوەتکایەڕێکوپێکی و پاکوخاوێنی ڕەچاو بکە زیانپێگەیاندن و خراپ کردنی ڕووەک و چیمەن، باخچەیان شوێنە کانی تر پەیوەست بەبینا بەهەر شێوەیەک قەدەغەیە

ئۆتۆمۆبیل لێخوڕینی ناپێویست و ڕاگرتن لەحەوشەدا لەسەداسەد قەدە غەیە

### شوققەکان

دەبێ بەباشی چاودێری شوققەکان بکرێت.

بێزارکردنی دراوسێیەکان تەنانەت لەشوققەی خۆیاندا قەدەغەیەو دەبێ هەمووان لەئاسوودەیی و ئاسایشدا بن.

بەتایبەت لەکاتژمێر نێوان 22.00 تا 07.00دا دەبێ بەرگری بکرێت لەهەرچەشنەدەنگەدەنگێک.

بۆ فڕێدانی زبڵی ناپەیوەست (وەک چەوری بەهۆی لێنانی گۆشت) کە دەبێتەهۆی گیران، نابێ توالێت و چاڵاوان بەکار بهێندرێن.

نابێ وەک هەواگۆڕێک بۆ گۆڕینی هەوای شوققەکان، قادرمەکان بە کار بهێندرێن.

نابێ ئامێری قاپ شۆردن و جلشۆردن هەروا بجێ بێڵیت کاتێک ئیش دەکەن و دەبێ شێرەی ئاو کاتیک بەرکار ناهێندرێت، بگیرێتەوە

بۆ پاراستنی ئەو مادانەکەدەبنەهۆی بەرگری لەئاگر، دەبێ یاسای پاراستن لەهەمبەر ئاگردا لەبەرچاو بگیرتێت.

### باڵکۆن و حەوشەی شوققە

دەبێ دانیشتووان ڕێکوپێکی و پاکوخاوێنی باڵکۆن و حەوشەکان بپارێزن. دەبێ باڵکۆنەکان بەفریان لێدابماڵدرێت.

سەرقاپی سۆبەکە قەپات کرێت لە کاتی بەکار نەهێناندا. کەیبڵی هیتەر پێویستە لەو کاتانەی کە ئۆتۆمبیل پێوەی نەبەستراوەتەوە لە پلاکەکە جیا کرێتەوە.

پێویستە هەموو یاسا و مەرجەکانی پەیوەندیدار بە ئۆتۆمبیلە پارک کراوەکان پەیڕەو بکەیت.

شۆردنی ئۆتۆمبیل لە پارکینگ یان خاڵەکانی تری بینا قەدەغەیە.

دووپاتکردنەوەی پێشێلکردنی یاسای گەراج دەتوانێت ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کەسی پێشێلکار.

نابێت دەزگاکانی گەرمکردنەوە بۆ شەحنکردنەوەی ئۆتۆمبێل وەک ئۆتۆمبێلی کارەبایی یان ئۆتۆمبێلی هایبرید بەکاربهێنرێت. شەحنکردنەوەیان تەنیا لە شوێنە دیاریکراوەکانی شەحنکردنەوە ڕێگەپێدراوە.

**جگەرە کێشان**

جگەرە کێشان لە هەموو شوێنە گشتییەکان کە لەبەردەستی دانیشتوانە و هەموو شوێنە ناوخۆییەکان، باڵکۆنە هاوبەشەکان و لە شوێنی یاری منداڵاندا قەدەغەیە.

ئەگەر جگەرەکێشان لە بینای شوقەدا بە گشتی قەدەغە بێت، نەتەنیا لەناو شوقەبەڵکوو لە باڵکۆن و حەوشەکانیشدا جگەرەکێشان قەدەغەیە. لە وەها بینایەکدا، جگەرەکێشان تەنیا لە شوێنەکانی تایبەت بەم کارە ئازادە.

ئەگەر جگەرەکێشان لە باڵکۆنەکان ئازادە، ئەرکی دانیشتوویە کە دڵنیا بێتەوە لە بوونی هەواگۆری گونجاو.

**ئاژەڵی ماڵی**

ئاژەڵی ماڵی لەدەرەوەی ئشوقەدا دەبێ بەشێوەیەکی گونجاو ئاگاداری بکرێت و نابێ بەبێ چاودێری ڕەها بکرێت.

دانیشتوان دەبێ دڵنیا بنەوە کە ئاژەلە ماڵییەکان بە هیچ شێوەیەک نابنە هۆی ئازاری دراوسێیەکان.

دانیشتوان هەروەها دڵنیا بنەوە کە ئاژەڵی ماڵی ئەوان بە هیج شێوازێک نەبێتە هۆی پیسبوون یان زیان پێگەیشتن بە بینا، حەوش و شوێنە هاوبەشەکانی ناوەوە یان دەرەوەی موڵکەکە.

ڕێگەپێدان بە ئاژەڵەکان بۆ چوونە ژوور یان نزیکبوونەوە بۆ شوێنی منداڵان قەدەغەیە.

بۆ پیسایيکردنی ئاژەڵەکان، پێوستە بگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی حەوش.

**ئەو بەرپرسیاریەتیانەی کە وەک دانیشتوویەک هەتە**

لە کاتی هاتن یان چۆڵکردنی شوقەپێوستە خێرا بابەتەکە بە دادگای کارگێڕی ناوچەیی و بەکرێدەر/ خاوەن مەوڵک ڕابگەیێنیت بۆ ئەوەی هەستن بە بەکرێدانەوە و پشکنینی پێشینەی نیشتەجێبوونی تۆ.

هەر جۆرە کێشە یان زیانێک کە لە بینا یان شوقەبببینرێت پێویستە بەپەلە بەکرێدەر/خاوەن موڵک یان کۆمپانیای نوینەری ئاگاداری بینا ئاگادار بکرێتەوە. داوا لە نیشتەجێبووان دەکرێت هەر جۆرە تێکدان یان بێزارکردنێک کە دەبینر ێت خێرا ڕاپۆرت بدەن.

ئەگەر نیشتەجێیەک دەیهەوێت بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوقەدا نەبێت پێویستە لەمەوبەر بابەتەکە بە بەکرێدەر/خاوەن موڵک یان کۆمپانیای نوێنەری ئاگاداری لە بینا ڕابگەیێنێت و پێوستە کاتێک دیاری بکات کە بەکرێدەر یان کۆمپانیای نوێنەر بتوانیت بێتە ناو شوقەکە.

**پێشێلکردنی دەستوور**

پێشێلکردنی هەر یەک لە دەستوورەکان دەتوانێت ببێتە هۆی غەرامەی کەسی پێشێلکەر و/یان دەنگدان یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست.